# پرۆژەیەك بۆ كۆنگرەی چاك

**عەلی مەحمود محەمەد**

**بە هیوای ئەوەی  دۆستان و دڵسۆزان بەشداری لەم گفت و گۆیەدا بكەن , لە خزمەت بەرنامەیەكی دەوڵەمەند بۆ چاك .**
**بڵاوكردنەوەی پرۆژەو بۆ جەماوەر و قسەو گفت و گۆكردن لەسەری كارێكی تەندرووستەو لە خزمەت جێخستنی دیموكراسییەتە لە هەر رێكخراوێك , بەڵام دەبوایا زووتر چاك ئەمەی ئەنجامدایا , بەهیوای لە داهاتوودا ئەزموونی زیاتر پەیدا بكەین و ئێوەش كارا تر بەشداری گفت و گركان بكەن .**

## پرۆژەی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی چاك بۆ گفت و گۆ

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی كورد

بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆ

**§ 1**

ناو :

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد

**چاك بەم ناوەوە ناسراوە لە ناو جەماوەر , بە تايبەت وشەی چاك , بەڵام ناوەكە دەربڕی جینۆسایدكردنی كورد نییە لە هەموو جیهان , بەڵكە تايبەتمەندی باشووری كوردستانی پێوە دیارە , بە لە خۆ گرتنی هەردوو زاراوەی ئەنفال و هەڵەبجە .**

## پێناسە:

**ناوەند ڕێكخراوێكی سەربەخۆی مرۆڤايەتی هاوچەرخی قازانج نەویستە , هەوڵی كۆتايی هێنان بە پرۆسەی جینۆسایدكردنی مرۆڤی كورد و بە دادگايی گەياندنی تاوانباران ( كەس– كۆمپانيا– دەوڵەت) و باشتر كردنی باری ژيانی كەس و كاری قوربانيان دەدات .**

## ئامانجەكانی :

1– هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان و هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانيان , هەروەها گەڕان بە دوای چارەنووسی ئەو منداڵ و ئافرەتانەی تاكو ئێستا ونن و لە ژياندا ماوون .

2– داكۆكی كردن لە داخوازەكانی كەس و كاری قوربانيان لە باشتركردنی باری ژيانيان لە لايەن دەسەڵاتی كوردييەوە .

3-قەرەبوو كردنەوەی هەموو ئەو زيانە مادی و مەعنەويانەی كە توشی خاك و گەلی كورد هاتوون لە ئەنجامی كردەوەی جینۆسايد .

3- هەولدان بۆ ڕێگرتن لە پرۆسەی سڕينەوەی ناسنامەی نەتەوەيی كوردو **گۆڕينی پێكهاتەی نەتەوەيی خاكی كوردستان .**

**4- دامەزراندنی ترايبيونالێكی نێودەولەتی تايبەت بەو تاوانە بۆ دادگايی كردنی نەخشە دڕاێژەران و ئەنجام دەرانی.**

**5- بەرزكردنەوەی داوای ياسايی دژی ئەو كۆمپانیاو لايەنەنانەی دەسگیرۆيی ڕژێمی ئێراقيان كردووە لە دەست ڕاگەيشتنی بە چەكی كيميايی و كۆمەڵكوژي.**

**6- دانانی ڕۆژی 3/16 وەك ڕۆژی جيهانی دژ بە** چەكی كيمياوی .

**7**-دياريكردنی ڕۆژی **4–14** وەك ڕۆژی ئەنفال .

8- **دانانی ڕۆژی** 2–9 **( ڕۆژی تاوانی قاڕنێ) وەك ڕۆژی دژ بە جینۆسايد لە خۆرهەڵاتی كوردستان**

9- دانانی ڕۆژی 23-11 ڕۆژی کارەساتی عامودا وەك ڕۆژی ماتەمینی لە کوردستانی باشووری بچووك .

10- دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ جینۆسایدکردنی کورد لە باکوور .

11- پێویستە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر ئەو وڵاتانەی هاوبەش و ئەنجامدەری پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کورد بوونە , بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن .

12- کارکردن لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوو ناوەندانەی هاوشێوەی چاکن بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی توێژینەوە لە بارەی جینۆسایدی کوردەوە .

13- هەوڵدان بۆ بە جینۆسایدناسینی ئەو کۆمەڵکوژیانەی دژ بە کورد ئەنجامدراوە ,لە ناوەندە جیهانییەکان .

14- هەوڵ بدرێت کردارە کۆمەڵکوژییەکان ببردرێنە بواری خوێندنەوە .

15- هیچ پارت و دەزگایەکی کوردی مافی ئەوەی نەبێت بڕیاری لێبوردن بۆ تاوانباران دەربکات , پێویستە کاری یاسایی بکریت بۆ پوچەڵکردنەوەی بڕیاری لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1991 .

## § 4

ناوەند هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانە وەدی بهێنێت لە ڕێگەی:

1- بەجیهان ناساندنی کردەوەی جینۆسایدی کورد بە سازدان و بەشداریکردن لە کۆنفرانس، سیمینار، سازدانی میتنگ و خۆپیشاندان , کردنەوەی پیشانگای هونەری و کۆبونەوەی تایبەت بەو مەبەستە لە ئاستی جیهان و کوردستاندا.

2- هەوڵدان بۆ بەدۆکیومێنت کردنی ئەو تاوانانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و فلیمی دۆکیومێنتی .

3- هەوڵدان بۆ دانانی چەند سومبولێك بۆ بە زیندوو ڕاگرتنی یادی قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کورد لەکوردستان و جیهان.

4- هەوڵدان بۆ پەیوەندی کردنی بەردەوام بە میدیاکانی جیهانییەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەرنجی جیهان لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد.

5- ئەنجامدانی کاری یاسایی لە ڕێگەی دابینکردنی پارێزەرانەوە .

6- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراو , پارت , پەرلەمان , حکومەت , کەسایەتی دەست ڕۆیشتوو و بە نفوز لە وڵاتان بۆ پشتگیری لە داواکارییەکانمان .

## § 5

ئەندامێتی لە ناوەندا

بوون بە ئەندام لە ناوەنددا کراوەیە بۆ هەر کەس بەم مەرجانەی خوارەوە :

1- کار بکات بە **پێی** ئەو **پێ**وەدانگانەی کە لە دەستووره بنەڕەتیەکەیدا هاتووە.

2- توانای بەرپرسێتی یاسایی هەبێت .

3- ئابونەوەی ئەندامێتی بدات.

**4- کاری بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکان کوردستان لە هیچ بوارێکدا نەکردبێت .**

**5– هەموو ئەو کەسانەی لە بواری جینۆسایدا کاری بێ بەرامبەریان ئەنجانداوە , لە ژیاندا بن یان کۆچییان کردبێت شەرەفی ئەندامی فەخری چاکیان پێ ببەخشرێت**

## § 6

**پ**ێکهاتەی ناوەند:

ناوەند لە سێ ئۆرگانی سەرەکی پێك دێت:

**1- کۆنگرە** : لە تێکڕای ئەندامانی **هەڵبژێردراوی کۆمیتەکانی ناوهند و سەرپەرشتیار و جێگرەکەی و ڕێکخەر و ئەندامانی لیژنەی باڵاو لیژنەی چاودێری پێك** دێت، ئەرکەکانی بریتین لە:

*** هەڵبژاردنی لیژنەی باڵای ناوەند لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆی گشتییەوە .**

* بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی **لیژنەی باڵاو لیژنەکانی دیکە بڕیاری لەسەر دەدەن بۆ ئەوەی لە خولی ئاییندەدا جێ بەجێیان بکات .**

* هەڵبژاردنی سەرپەرشتیار و رێکخەر و جێگیرەکانیان .

**– لیژنەی باڵا**

**ژمارەی ئەندامانی بە پێی پێداویستی کاروبارەکانی چاك دەبێت .**

**–بەرپرسی لقی وڵاتەکان و لقی پارێزگاکانی کوردستان , لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پارچەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی لیژنەی باڵا .**

**– بەرپرسی لیژنەکان : ڕێکخستن , پەیوەندییە جیهانییەکان , پەیوەندییە کوردستانییەکان , دارایی , ڕاگەیاندن , مافی مرۆڤ , لیژنەی منداڵ و ژنانی قوربانی ڕاستەوخۆ لە کۆنگرە دیاری دەکرێن .**

**– ساڵی جارێك بەرپرسانی لق و شارەکانی کوردستان لە کۆبونەوەی گشتی وڵاتەکانیان هەڵدەبژێردرێنەوە .**

**– هەموو ئەندامانی لیژنەکان لە وڵاتان دەبنە ئەندامی لیژنەکانی چاك .**

## ئەرکەکانی :

* جێ بەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە **کۆنگرەدا** دراون.

* هەماهەنگی لەگەل **ئۆرگانەکانی هەڵبژێردراو** بۆ ئەنجامدانی ئەرک و چالاکیەکانی ناوەند.

* نوێنەرایەتی کردنی ناوەند لەسەر ئاستی گشتی.

* جێ بەجێکردنی بڕیارەکانی **کۆنگرە** تایبەت بە **لیژنەی باڵا** لە چوارچێوەی دەستووری بنەڕەتی و پێشنیارەکانی نوێنەران.

* ئامادەکردنی ڕا**پ**ۆرتی تایبەت بە کار و بارو چالاکیەکانی هەر 3 مانگ جارێك.

*- داڕشتنی بەرنامەی کار و چالاکی ناوەند **لە نێوان 2 کۆنگرەدا .**

**–لە کاتی پێویستدا دانان و گۆڕینی کۆمیتە تایبەتییەکانی چاك .**

## - سەرپەرشتیاری ناوەند :

- لە کۆنگرەی ناوەند **بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن نوێنەرانەوە** هەڵدەبژێردرێت ، پێویستە جێگری هەبێت ئەویش لە کۆنگرەدا هەڵبژێردرێ.

* سەرپەرشتیار بۆی نییە لە (دوو کۆنگرە ) زیاتر خۆی بپاڵێوێت . بەڵام ئەتوانێت **بۆ ئۆرگانەکانی دی خۆی بپاڵێوێت .**

* هەموو پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی لە کۆنگرە ئاشکرا بکات و نابێت لەکاتی بە دەست هێنانی ئەم پۆستە ئەندامی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی و ( عێراقی – سوری– ئێرانی – تورکی ) بێت , ئەگەر ئەندامیش بێت پێویستە لەو ماوەیەدا واز لە کاری حیزبی بێنێت.

* نابێت پۆستی بەرپرسیارێتی لە هیچ ڕێکخروێکی نا سیاسی کوردستانی یان بیانی هەبێت.

- خۆی تەرخان بکات بۆ کار و باری ناوەند بەپێی پێویست.

## ئەرکەکانی :

– چاودێری کردنی کاروباری لیژنەکان .

- قسەکەری ناوەندە لە ڕوداوەکان .

– لە کاتی پێویستدا هاوکاری لیژنەکانە .

# دەستەی چاودێري :

دەستەی چاودێری لە 5 کەس پێک بێت ، ئەرکی چاودێری کارەکانی ناوەند و یەکلاییکردنەوەی تەنگ چەڵەمەکانی ناوخۆو پاراستنی یەکرِیزی و سەربەخۆیی ناوەندە لە ڕوی یاسایی و سیاسییەوە , هەروەها چاودێریکردنی سەرچاوەی دارایی و خەرجکردن و بەیاننامەو چالاکییەکانی ناوەندە .

– بەلایەنی کەمەوە 2 ساڵ ئەندامی چاك بوبێت , مەرج نییە کەسی دیاریکراو ئەندامی کۆنگرە بێت .

**- لە نوێنەرایەتی پشتری ناوەند کاری کردبێت و ئەزموونی لە بواری کاری جەماوەری هەبێت .**

**- ڕۆڵی ڕاوێژکار و بڕیاردەری هەیە لەسەر هەنگاو و کێشەی ناوخۆی ناوەند ( لە کاتی لێک تینەگەیشتن یان ململانێ , بۆچونی یەکلاکردنەوەی هەبێت .**

**- دەتوانێت هەر کەس و لیژنەو لقێك لە هێڵی سەربەخۆیی چاك لای دا , لە ناوەند دەر بکات .**

- دەتوانێت هەر ئەندامێك لەسەر نهێنی ناوەند ڕاپۆرتی دا بەهەر لایەنێکی سیاسی دەربکات .

– ئەو کەسانەی نهێنییەکانی چاك ئاشکرا دەکەن دەربکات .

## - لقی وڵاتان :

**لە هەروولاتێک 4 ئەندام یان زیاتر هەبێت ئەتوانن وەک ڕێکخراو کار بکەن.**

– بەرپرسی وڵات و جێگرەکانی و ئەندامی لیژنەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەندامانەوە دیاریدەکرێن .

## § 7

### دارایی ناوەند

سەرچاوەکانی دارایی ناوەند ئەمانەن:

1- ئابونەوە و یارمەتی ئەندامان (ساڵی 24 یورو).

2- کۆمەکی بێ مەرجی کەس و ڕێکخراوەکان.

3- دەرامەتی وەدەست هاتوو لە هەڵمەتی فەند ڕێزین.

4- دەرامەتی بڵاوکراوە و بەرهەمەکانی تایبەت بە ناوەند.

5- کۆمەکی دەولەتیی تەرخان کراو بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان.

## § 8

### گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی ناوەند

1- گۆڕینی بەشیی یان گشتی دەستووری بنەڕەتی ناوەند دەبێت لە کۆنگرەی ناوەند و بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئامادەبوو بێت.

2- ناوەند بە بەدیهاتنی ئەنجامەکەی یان بە دەنگدانی 3/4 ی ئەندامانی ئامادە بوو لە کۆنگرەدا هەڵدەوەشێتەوە.

3- گۆڕینی ناو یان چونە ناو ڕێکخراوێکی دی دەبێت بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆنگرە بێت.

4- بۆ هەر یەك لەو مەبەستانەی سەرەوە لیژنەی باڵا توانای پێشنیارکردنی کۆنگرەی هەیە بە زۆربەی دەنگ.

5- داوای هەڵوەشاندنەوەی ناوەند سامانەکەی دەبێت بڕوات بۆ ڕێکخراوێك کە ئامانجەکەی لە ئامانجی ناوەندەوە نزیکە، یان بە پێی زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدرێت.

کۆنگرە :

–بەرزترین ئۆرگانی ناوەندە , دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت .

–تەواوی ئۆرگانە بەڕێوەبەرایەتییەکان جگە لە کۆمیتەی وڵاتەکان هەڵدەبژێرێت .

–هێڵی گشتی کاری ناوەند لە نێوان 2 کۆنگرە دادەڕێژێت .

–بڕیاری یەکلاکردنەوە لەسەر کێشەکان دەدات .

## § 8

## لەدەست دانی ئەندامێتی

**ئەندامێتی هەر کەس لە ناوەنددا تەواو دەبێت ئەگەر:**

**1- خۆی داوای کشانەوە بکات.**

**2- کار نەکات بە پێودانکە و بڕیار بەسەردراوەکانی جێگیر لە دەستووری بنەڕەتی ناوەنددا.**

**3- ئابوونەوەی ئەندامێتی نەدات.**

**4– هەوڵبدات ناوەند بکات بە پاشکۆی لایەنێکی سیاسی یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو .**

**5– لە بەرژەوەندی وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان کار بکات .**

**لیژنەی باڵا** دەتوانێت ئەم کارانە بە دوای یەکدا یان بەجیا بەرامبەر هەر ئەندامێك کە لە بڕگەکاني 2,3,4, باس کراوە ئەنجام بدات بە زۆربەی دەنگ **, بەڵام خاڵی 5 ڕاستەوخۆ بێ ئاگادارکردنەوە جێبەجێ دەکرێت .**

1- ئاگادارکردنەوە

2- سەرزەنشت کردن.

3- هەڵواسینی ئەندامێتی.

4- لێسەندنەوەی ئەندامێتی